ROJî GEI , Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

# ژووانگە

# ژانی پێشڕەو بڵاو دەبێتەوە

پێشرەو سەلام، هونەرمەندی دەنگخۆش ئێستا خەریکی بەرهەمهێنانی دوو بەرهەمی تازەیە، سەبارەت بە کارەکانی ئاشکرای کردوە کە پرۆژەیەکی هونەری لەبەردەست دایە و لە دوو گۆرانی پێکهاتووە، یەکێکیان (ژانی من)ی هونەرمەند (ڕەشوان شێخانی)ە، نۆژەن کراوەتەوە و بەشێوازێکی نوێ تۆماری کردۆتەوە، هێمن حوسێنی هونەرمەند کاری دابەش کردنی موزیکی بۆ ئەنجام داوە، ئێستا خەریکی کلیپ کردنی گۆرانی ژانی منە.

پێشڕەو رایگەیاندوە کە دووەمین گۆرانیش ساڵهەی ساڵە لە تێکست و ئاوازی هونەرمەند رزگار خۆشناوە، کاری موزیکیش لەلایان هونەرمەند (هێمن حوسێن) ئەنجام دراوە.

جێگەی ئاماژەیە کە ستۆدیۆی میلۆدی کاری دەنگ و تۆمارکردنی بۆ ئەنجام دەدات.

**نەجات**

# سرتە لەگەڵ با، بەرەو نێونەتەوەیی دەڕوات




یەکەمین فیلمی سینەمایی دەرهێنەری لاوی رۆژهەڵاتی کوردستان، شەهرام عەلیدی لە بەشی کێبەرکێی بەشی هەفتەی رەخنەگرانی 62مین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی کانی 2009 وەرگیراوە کە لە وڵاتی فەرەنسادا بەڕێوە دەچێ.

هونەرمەند توورەج ئەسلانی لە پاییزی 2008 و لە ماوەی دوو مانگی کاکردندا دیمەنەکانی فیلمی 'سرتە لەگەڵ با'ی لە شارەکانی رواندز و سۆران وێنەگرتووە.

جێگەی ئاماژەیە کە ژمارەیەک ئەکتەرەکانی ئێرانی و کوردستانی رۆڵیان لە فیلمەکەدا بینیوە، هەروەها فیلمەکەش باس لە لایەنەکانی ئەو توندوتیژیانە دەکات کە لەسەردەمی بەعس دژ بە کوردستانیان ئەنجام دراون.

وێڕای ئەوەی کە فیلمەکە لەلایەن هونەرمەندان شەهرام عەلیدی، ساسان سالوور، هایدە سەفییار، یوورەج ئەسلانیەوە گەلاڵەی بۆ کراوەو کارە هونەرەیەکانی دیکەی ئەنجام دراوە، بەڵام هونەرمەندانی باشووری کوردستان، عومەر چاوشین، مریەم بووبانی، موحەرەم حوسێن قادر، وەلید مەعرووف، فاخیر محەمەد بارزانی، بێستوون عەلی قادر، جەلیل عەزیز حوسێن رۆڵیان تێدا بینیوە، هەروەها لە سەر ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەرهەمی هێنراوە.

**شادان**

# هاوشێوەکانی سەدام

کاتی خۆی نەیارانی حزبی بەعس بە شێوەیەکی ئەفسوناوی باسیان لە کەسایەتی و درندایەتی سەدام حوسێن دەکرد، پێیانوابوو کە دەیان هاوشێوەی هەیە!! دەیان تونێلی قوڵی لە ماڵەکەی خۆیەوە بۆ ناو کۆشکی کۆماری لێداوە!! سوپایێکی پڕچەک و چەکی ئەتۆمی هەیە! بەڵام ئاکام وادەرنەچوو، سەدام زۆر لەوە بچووکتر بوو کە نەیارانی لێی دەترسان، زۆر لەوەش کەمتواناتر بوو کە لایەنگرانی خۆیان پێهەڵدەکێشا.

بانگەشەکانی نەیارانی سەدام وایکردوە کە تا ئێستاش هەندێک کەس و لایەن لێی بترسن، یان باوەڕ بە مردنی نەکەن، ئەوەتا کچێکی بەحرەینی لە نوسینێکی دا لە مونتەدای ( کەلامی ) تەئکیدی کردۆتەوە سەدام حسێن تا ئێستا زیندووەو ئەو کەسەی کە ساڵی 2007 لە سێدارە دراوەا هاوشێوەی سەدام بووە، نەک خودی سەدام حوسێن!!

ئەو کچە رایگەیاندوە ئەو کەسەی کە سوپای ئەمریکا دەستگیری کردوە و دواتر لەسێدارە دراوە، سەدام حسێن نەبوە،بەڵکو هاوشێوەکەی بووە. هەروەک جیاوازی نێوان سەدام و هاوشێوەکەی لە چەند وێنەیەک دا رون کردۆتەوە و رایگەیاندوە ئەوە میخائیل رەمەزان ی هاوشێوەی ژمارە3 ی سەدامە نەک خودی سەدام حسێن. ئەو کچە نووسیویەتی کە میخائیل رەمەزان لە ساڵی 1997 رای کردوە بۆ ئەمریکا و لەوێ ئەمریکیەکان هێناویانەتەوە تا لەو سیناریۆیانەدا رۆڵ ببینێت هەر لە دەستگیر کردنەوە تا لەسێدارەدانەکەی.

بێگومان ئەو بۆچوونەی ئەو کچە بەحرێنیەو دەیانی دیکە لە بەیاننامەو راگەیاندنەکانی پێشووی نەیارانی سەدام سەرچاوەی گرتووە، بۆیە دەبێ مرۆڤ هێندە بەرانبەرو ناحەزەکەی خۆی گەورە نەکاتەوەو نەیکات بە کەسی لە شکان نەهاتوو! چونکە هەموو شتێک لە خاڵێکدا کۆتایی دێ، جا ئەگەر کەسی لەسێدارە دراو سەدامیش نەبێ، ئیدی بە کردەوە سەدام مردوە. نەدەستەلاتی ماوەو نەدەشتوانێ چیتر هەڕەشە لە خەڵکی عێراق و وڵاتە دراوسێکان بکات. هاوشێوەکانی سەدامیش بە هەمان شێوە.

**ڕۆژی گەل**

# مندالێکی ئیسرائیلی شەش ساڵ دوای مردنی باوکی لە دایک دەبێ

لە هەنگاوێکی زانستی چاوەڕوان نەکراودا، ژنێکی ئیسرائیلی کە شەش ساڵ لەمەوبەر مێردەکەی کوژراوە، مندالێک بەرهەم دەهێنێ.

ماڵپەڕی ئینتەرنێتی رۆژنامەی یەدیعوت ئەحرەنوتی ئیسرائیلی بڵاوی کردۆتەوە کە ژنێکی ئیسرائیلی وێڕای ئەوەی کە شەش ساڵ لەمەوبەر مێردەکەی گیانی لەدەست داوە، بەڵام پێداگری کردوە کە دەبێ لە تۆوی هەڵگیراوی مێردەکەی خۆی مندالێک بەرهەم بهێنێ، بەوهۆیەوە لە ڕێگەی پزیشکەکانەوە بە تۆوی هەڵگیراوی مێردەکەی باردار کراوە.

جێگەی ئاماژەیە کە 2003، مێردی ئەو ژنە لە بەندەری حەیفا لەلایەن خاوەن سەگێکەوە بە چەقۆ کوژرا، هەر ئەو کاتەش دادگە ڕێگەی دابوو کە تۆوی کوژراوەکە کە چەند رۆژێک پێشتر وەرگیرابوو، هەڵبگیرێ و لە داهاتودا سوودی لێوەربگیرێ، چونکە



پیاوەکە زۆر حەزی کردوە کە مندالّی ببێ.
ئەمە سەیر تر ڕووداو دەبی لە جیهاندا.

# من ڕۆژم دیت لە ئەڵمانیا پێشان دەدرێ



فیلمی من ڕۆژم دیت کە هونەرمەند مەعسوم قرمزگویل دەری هێناوە لە سینەماکانی وڵاتی ئەڵمانیا پێشان دەدرێ، ئەو فیلمە باس لە کێشەی بنەماڵەیەکی کورد دەکات کە بەهۆی شەڕەوە لە زێدی خۆیان کەوەک بەهەشتە دەبێتە دۆزەخ، ئەوانیش ئاوارە دەبن، هەندێکیان لە شاری ئیستەنبۆل و هەندێکی دیکەشیان لە وڵاتی نۆریژ گیرساونەتەوە.

فیلمەکە 120 خولەکە، هەرچەندە ئەکتەرەکان بە زمانی تورکی دەدوێن، بەڵام باس لە چارەسەری کێشەی ئەو کوردانە دەکات کە بەهۆی شەڕەوە دەربەدەر بوونە. فیلمەکە ژێرنووسی ئەڵمانی لەگەڵ دایە.


بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی کارەبایی و ئەلیکترۆنی و پێداویستیەکانی ناوماڵ

پێشانگەی قەرەچوغ

خاوەنی: غەریب رەسول گەراری

دەتوانیت پێداویستیەکانت هەڵبژێری و بە مانگانە پارە بدەیت، ئەمەش باشترین دەرفەتەو لە کیس خۆتی مەدە.

بەم ژمارانە زانیاری زیاتر وەربگرە:

07504662740

07504548196

07504947171

هەولێر: ناو بازاڕی کوران

